**بەڕێزان بەرهەم ساڵەح و مستەفا کازمی , لە بری سەرماچکردن دەست بەجێ داوای لێبوردن بکەن!**

عەلی مەحمود محەمەد

١٧ ساڵی تەواوە، لە پای ئەو تاوانانەی دەوڵەتی عێراق بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان لە رابردوودا ئەنجامی داوە، داوا دەکرێت سەرۆك کۆماری عێراق وەك رەمزی باڵای وڵات داوای لێبوردن بکات، ئەرکی جەنابی تاڵەبانی و بارزانی و فوئاد مەعسوم بوو پێشتر ، " بارزانیش مانگێك بووە سەرۆك کۆمار"دەبوایە ئەو ئەرکەیان جێبەجێ بکردبایا، دەیان جار ئەم داوایەی بەرەو رویان کرایەوە، وەڵام هەر نەبوو، ئەوان نەیانتوانی بە ئەرکی ئەخلاقی خۆیان هەڵبستن و سەروەریەك بۆ مرۆڤایەتی و مێژوو تۆمار بکەن، تەنها بۆ کورد نەبوو بەڵکە بۆ مرۆڤایەتی بزز، ناویان لە ریزی ئەوانەدا تۆمار بکرێت لە وڵاتانی خۆیان بەو شێوە هەڵوێستە هەڵستاون،مێژوو لە یادیان ناکات, چەندین بۆنەیە, هەمان داوا لە دکتۆر بەرهەم ساڵحیش دەکرێت , جارێکی دیکە بە جوتە هەمان داواکاری دەخەینە بەردەست هەردوکتان , ئێمە پێویستمان بە وتەی سۆزداری و کردەی پۆپۆلیستی نییە, ئێمە دەمانەوێت لە گەڵ مێژووی ئەم وڵاتە ئاشتمان بکەنەوەو دڵنیاشمان بکەنەوە , ئەوجۆرە تاوانانە دوبارە نابنەوە, بەوەی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکرێت , بەڵگەنامە شاراوەکان ئازاد بکرێن, تۆمەتباران دادگایی بکرێن, عێراق ببێتە ئەندامی ئای سی سی, قەرەبووی قوربانیانیش بکرێتەوە.
لەم مەڵبەندەی جینۆسایدە کە ناوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و ئەم وڵاتەی ئێمە کە ناوی کوردستانە، شوێنێك پنتێك نییە بۆ لێبوردەیی مرۆڤەکان، روباری خوێن، دنیایەك هەڵە، وەحشیەت بونەتە بەشێك لە کلتوری ئێرە..
بۆیە دان نان بە راستییە تاڵەکان و داوای لێبوردن کردن بەشێکە لە سارێژی برینەکان.
مێژوویەك ئێمە دەبەستێتەوە بەم وڵاتانەوە لە ناو خوێن و ئێسك و پروسکدا غەرق بووە، بۆ سڕینەوەی ئەو تاڵیانە پێویستمان بە دادپەروەرییە، لێ دادپەروەری و ئاشتەوایی پێکەوە گرێدراون، بە بێ یەکەم ئەنجامدانی دووەم زەلالەتە و هەرگیز بەدی نایات، وەك ئەوەی سیاسییەکانی کورد لەمڕۆدا دەیکەن، لێبوردەیی هەموو کات دوای دان نان بە راستیەکانی تاوانەکان و دادپەروەریەوە دێت، تاوانبار و قوربانیەکان لە ئاوێنەی دەرخستنی

هەقیقەت و ڕاستیەکانی ڕابردوەوە وەك ئەوەی هەن دەردەکەون نەك وەك ئەوەی لە تاوانەکانی ڕابردوو بشورێنەوە، کارێکی زۆر ناشایستەو ناڕەوایە داوا لە قوربانیانی تاوانەکان بکرێت ئاشتەوایی بکەن، لە کاتێکدا هێشتا دادوەری بە ڕۆڵی خۆی هەڵنەسابێت و دان بە ڕاستیەکان و هەقیقەتی تاوانەکان نەنرابێت و تاوانباران دادگایی نەکرابێتن لە پێناو ڕزگار نەبوون لە سزاو بە دکۆمێنت کردنی تاوانەکان و دەرخستنی ڕاستیەکان و نووسینەوەی ڕوداوە تاڵەکان !!.

لە ئەزموونی خوارووی ئافریقیاوە فێر بین کە "باسکردنی سەرچاوەی تاوانەکان، دانپێنان، قەرەبووکردنەوە، دان نان بەو تاوان و ئەو کارەساتانەی لە ڕابردوو روویان داوە، هەندێك جار زۆر پڕ بایەخترە لە زانینی حەقیقەتەکانی بابەتەکە، ئەگەر چی مەرج نییە هەموو ئەو کەسانەی کە ئازاریان چەشتووە پێویستیان بە داوای لێبوردن کردن هەبێت بەشێوەیەکی ڕەسمی تا ناکۆکیەکان ڕابردوو لەبیر خۆیان ببەنەوە، لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی لێخۆش بوونی "کۆمسیۆنی حەقیقەت و پێکهاتنەوە لە باشووری ئافریقا" ئەوە پیشان دەدات کە قەبوڵکردنی سەرەنجامەکان تا ئەندازەیەکی زۆر زیاد دەکات، کاتێك قوربانیان ی ان کەسوکاری قوربانیەکان دانپێنانێك و داوای لێبوردنێکی شەرعییان پێ دەگات. "پێکهاتنەوە چارلس ڤیلا ڤیسیسنتۆ".

قەرەبووکردنەوە تەنها پاداشتی مادی نییە لە بەرامبەر ئەو زیانانەی لە قوربانیان کەوتووە, بەڵکە خۆی لە پاداشتی مادی یان ڕەمزی یان پێکەوە دەبینێتەوە, ڕەنگە پاداشتی دارایی بێت یان پۆزش و داوای لێبوردنکردن بێت لە قوربانیان یاخود هەردووکیان پێکەوە, نابێت لە یادمان بچێت کە بژاردن هەم قەرەبووکردنەوەیە و هەم پەیمانیشە بۆ دوبارە نەکردنەوەی تاوانەکانی ڕابردوو لە ئایندە, ئێمە لەم مەڵبەندی جینۆسایدە پێویستمان بەمەیان زیاتر کە ڕوداوەکان ڕابردوو دوبارە نەکرێنەوە, وەك دەبینین بەردەوام لەناو بازنەکەداین, لە کاتێکدا نە قەرەبو کراوینەتەوە نە داوای لێبوردنیشمان لێکراوە, نە وڵاتیش بۆتە ئەندامی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی, بۆیە ڕوداوەکان لە ژینگەیەکی وادا ئاساییە دوبارە ببنەوە, وەك بەردەوام دوبارە دەبنەوە لە شەنگالەوە بۆ دوز و لە داهاتووشدا بۆ ناوەکانی دی, ڕاستە ئەمانە ڕابردوو ناگۆڕن و ژیان بۆ قوربانیان ناگەڕێننەوە, وەلێ ژیان بۆ داهاتوو دور لە تاوان زەمانەت دەکەن .

قەرەبووکردنەوە کەرامەتی مرۆڤایەتی و هەندێك لە زیانە مادیەکان دەگەرێنێتەوە بۆ قوربانیان, بۆ ئەوانەی مافیان پێشێل کراوە, بۆیە مافی

قەرەبوو مافێکی بێ ئەملاو ئەولای سازش هەڵنەگرتنی قوربانیانی کوردستانە, کەسیش بۆی نییە بە ناویانەوە ئەو سازشە بکات ئەگەر لە ترۆپکی دەسەڵاتیش بێت, دەبێت تەنها خۆیان لە بەرامبەر ئەو زیانانەی پێیان گەیشتووە بەم کارە هەڵبستن.
دەوڵەتی ئەنجامدەری تاوان کە عێراقە نابێت لە بەرپرسیارێتی کارەکانی ڕابردووی تاوانەکان هەلبێت, عێراقی ئێستا کە داوای لێبوردن دەکات و قەربووی قوربانیان دەکاتەوە, لە بەر ئەوە نییە بەرپرسە لە تاوان و هەڵەکان ڕابردووی سەدام, بەڵکە لە بەر پابەند بوونیەتی بە بەرژەوەندی گشتییەوە و کارکردنیەتی بۆ دووبارە تێکەڵکردنەوەی قوربانیەکان بەکۆمەڵگاو گەڕاندنەوەی کەرامەتە بۆیان و متمانەیان دەداتێ بەوەی عێراقی داهاتوو ئەوەی رابردوو نییە, لە تاوانەوە گواستراوەتەوە بۆ پۆزش هێنانەوە, لە ئەنجامدانی جینۆسایدەوە هاتوتە سەر واژۆکەرانی پەیمانامە نێودەوڵتیەکانی بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر تاوانە مەزنەکان, تا ئەمانە نەکات یانی دوبارە بونەوەی تاوان لەکات و ساتدایەو هیچ گۆڕانکارییەك نەکراوە.
بە داوی لێبوردن کردن بەرپرسیارێتی هەڵگرتنی ئەو تاوانە گەورانەی لە ڕابردوودا ئەنجامدراون , تاکە زەمانەتی هاوسەنگی ڕاگرتنە لە نێوان مافی قوربانیان و بەرپرسیارێتی تاوانکاران, دەوڵەت بەردەوام دەبێت لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی سیاسەت و کاری فەرمانڕەواکانی پێشووی خۆی, ئەو بەرپرسیارییەتیە مانای تاوانبار بوون ناگەیەنێت, بەڵکە خۆ پاککردنەوەو شۆردنەوەیە لێی, پاککردنەوەی دەوڵەت و خودە لەو ڕابردووە تاڵە خوێناوییە پڕ لە تاوانە کە لەم وڵاتە رویانداوە, ئەمە لە باشووری ئافریقیا و شیلی و ئاڵمانیاو ..تەواوی ئەو وڵاتانەی گۆڕانکاری تیایاندا ئەنجامدرا لە پاش دەسەڵاتی نازیزم ئاپارتاید و دیکتاتۆریەت پەیرەو کرا, کوردیش چاوەڕوانی دەکات لە ئێراقی نوێ کە ئێستا ئێوەی بەڕێز سەرۆك و سەرەك وەزیرانین ببێتە پرنسیپێکی دەسەڵاتداریەتی داهاتوو .
سەرۆکی شیلی لاگۆس هەڵستا بە ناردنی نامەی پاساو هێنانەوەی کەسی یان داوای لێبوردنکردن بۆ سەرجەم کەسوکاری قوربانیانی دەست ڕژێمی سەربازی پێشوو بە سەرکردایەتی بینۆتشە, ئەم پرۆسەیە لە ساڵی ١٩٩٦ ەوە بۆ ٢٠٠٨ درێژەی کێشا, کەچی خۆی و بیروباوەڕەکەی قوربانی و نەیاری ئەو دەسەڵاتە بوون کە تاوانی ئەنجام دابوو, ئەو نامانەی ناردی بۆ سەرجەم قوربانیان ئەویان نەکردە تاوانبار, بەڵکە نامەکانی وڵاتی لە

تاوانەکانی بینۆتشەی تاوانبار شوشتەوەو ناشرینیەکانی پاککردەوەو خۆشی بردە ریزی سەرکردە مەزنەکانەوە, بۆیە دەبێت عێراق لە تاوانەکانی سەدام حوسێن بشۆردرێتەوە., بۆ ئەوەی ئەوکارە بکرێت پێویستمان بە مرۆڤی مەزنە بۆ مێژوو.

قوربانیانی دەستی ڕژێمی نازی ئاڵمانیاش, لە پاڵ قەرەبووی مادی, هەر یەکەیان نامەی سەرۆك کۆمار "یوهانز راو" یان پێگەیشت, کە لە نامەکەیدا داوای لێبوردنی لە قوربانیانی دەسەڵاتی نازی هیتلەر کردبوو."تعویز العمال الاسترقاقیین والقسریین فی المانیا النازیە-یونامی ", لە دوا هەڵوێستیشدا بڕیار درا جووە جەزائیرییەکان کە زۆرینەیان لە فەرەنسا دەژین , ئەوانەی لە مەحرەقە رزگاریان بووە, هەر یەکەیان بە ٢٣٠٠ ئیرۆ قەرەبوو بکرێنەوە , هەروەسا سەرۆکی ئەڵمانیا یواکیم غاوك دانی بەوەدا نا کە ئەڵمانیا بەرپرسیارێتی بەشێك لە جینۆسایدی ئەرمەنی دەکەوێتە ئەستۆ .

لە تەیموری ڕۆژهەڵاتیش گەل داوای قەرەبووی ماوەی داگیرکاریشی کردەوە لە دەسەڵاتی ئەندەنوسی لە پاڵ قەرەبووی پێشێلکارییە گەورەکان, ئەمەش بۆ کورد جێگای هەڵوێستەیە و پێویستە وانەی لێ وەرگرترێت, لەوکاتەی زەمەنی سزادانی بکەرانی داگیرکاری وەك کۆیلەداری ئێستا دوای جۆرج فلۆید هاتە پێشەوە, کە لە ماوەی رابردوودا بێ ویستی خۆی داگیر کراوەو سامانەکەی تاڵان کراوە. , دەبینین هەنووکە وڵاتانی کاریبی تەنها بە داوا لێبوردنکردن رازی نابن, لە پاڵیا داوای قەرەبووش دەکەن لە وڵاتانی بەریتانیاو فەرەنساو پورتوگال لە هەمبەر سەردەمی کۆیلەداری.

شیراك سەرۆکی کۆچکردوی فەرەنسا داوای لێبوردنی کرد لە بەرامبەر گرتنی ١٣ هەزار جولەکە لە پرۆسەی ئەلفیل دیف لە ساڵی ١٩٤٢ لە میانی جەنگی جیهانی دووەم و پاشان بە کۆمەڵ کوشتنیان لە لایەن هیتلەرەوە, هەرچەندە ئەو وەك بیروباوەڕ و پرۆسە لێی بێبەرییە.

هەرچەندە ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا سەبارەت بە جەزائیر وتی نە ئینکار کردن وە نە داوای لێبوردن کردن, لێ ئەنجومەنی یاسایی فەرەنسا لە ٨ی شوباتی ٢٠١٨ بڕیاریدا هەموو قوربانیانی جەنگی نێوان ساڵانی ١٩٥٤ بۆ ١٩٦٢ کە لە جەزائیر دەژیان لەو کاتەدا قەرەبو بکرێنەوە, هەرچەندە هێشتا فەرەنسا دانی بە هەقیقەتی یاسایی تاوانەکانی خۆی لە جەزائیر نەناوە کە ملیۆن و نیوێك قوربانی لێکەوتۆتەوە ,

تەنانەت جەزائیریەکان نەك داوای لێبوردن و قەرەبووی تاوانەکانی سەردەمی داگیرکاری دەکەن, بگرە داوای قەرەبووکردنەوەی روداوی تاقیکردنەوی چەکی ناوکی لە ناوچەی رقانی وڵاتیش دەکەن , کە بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی هەژماریان کردووە, کەلە لایەن فەرەنسیەکانەوە ئەنجامدراوە.

لە سیرالیۆنیش لە ساڵی ٢٠١٠ سەرۆکی وڵات بە شێوەی فەرمی داوای لێبوردنی لەو ژنانە کرد کە قوربانی ململانێ چەکداریەکان بوون, لە کەمبۆدیا سەرباری ئەوەی ناوی قوربانیان لەسەر ماڵپەڕی دادگای نێونەتەوەیی کەمبۆدی بڵاو کرایەوە داوای لێبوردنیشیان لێکرا, لە 23ی نۆڤەمبەری ٢٠١١ ەش ئەردۆگان بە فەرمی لە بەرامبەر تاوانی جینۆسایدی دەرسیم لە بری دەوڵەتی تورك بە شێوەی زارەکی داوای لێبوردنی کرد, بەڵام داوای لێبوردنەکان پێویستە بە نوسراوبن و بڕیاری فەرمییان بۆ دەرچێت و هەڵوێستەکان دوربن لە بەرژەوەندی سیاسی, لە ویژدانەوە دەرچوبێت, ئەگەر مامەڵە وەك تاوان دەکات ئەوا پێویستە دان بە جینۆسایدی ئەرمەنیەکانیش بنێت و کۆتایی بە نکۆڵی کردن بهێنێت, کۆتایی بەو شەڕە سەختەی لەبەرامبەر دەرخستنی حەقیقەتی یاسایی کۆمەڵکوژی ئەرمەن گرتویەتیە بەر, ملکەچی حەقیقەتە مێژویەکان بێت, تونی بلێر سەرەك وەزیرانی پێشوی بەریتانیا داوای لێبوردنی لە سەردەمی کۆیلەداری و ماندێلاش داوای لێبوردنی لە قوربانیانی کردارە سەربازییەکان لەسەردەمی خەبات دژ بە ئاپارتاید کرد.

لە ساڵی ١٩٩٨ دا بیل کلنتۆن لە سەردانی بۆ وڵاتی رواندا داوای لێبوردنی کرد لە رواندیەکان, بەهۆی هەڵوێستی حکومەتی ئەمەریکاوە لەو گەل کوژیانەی لەو وڵاتە رویان دا, شینزۆ ئەبی سەرۆك وەزیرانی ژاپۆن, رەتی کردەوە سەبارەت بە دۆسیەی ژنانی رابواردن داوای لێبوردن لە کۆریەکان بکات, وەلێ سەرۆك وەزیرانی ژاپۆن تۆمیشی مۆرایاما لە ١٥ی ئۆگستسی ١٩٩٥ بە بۆنەی ٥٠ ساڵەی کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمەوە لە بەیاننامەیەکدا داوای لێبوردنی لە هەموو ئەوانە کرد چ وڵاتەکەیانی داگیر کردووە وە یان وڵاتەکەی لە میانی جەنگدا زیانی پێ گەیاندوون, ژاپۆن و کۆریای باشور پەیوەندی بەرزی ئابووریان هەیە, ساڵی رابردوو بازرگانی نێوانیان گەیشتە ٨٠ ملیار دۆلار, بەڵام شەڕیان لەسەر یادەوەریەکانی رابردووە, ئەمەش کاری لەسەر ئەو پەیوەندییە ئابووریە زەبلاحە داناوە, کێشەی ژنانی رابواردن بەردەوام سەر هەڵدەداتەوە, هەرچەندە لە ساڵی ١٩٦٥ لەسەری رێکەوتوونە و ژاپۆن بە

بڕی ٩،٣ملیۆن دۆلار قەرەبویانی کردۆتەوە, کۆریەکان داوای قەرەبوو بۆ ئەو کرێکارانەش دەکەن, کە ژاپۆنیەکان بە سوخرە کاریان پێکردوون, هەرچەندە ئەو کرێکارە کۆریانەی بردران بۆ کاری زۆرە ملێ لە ژاپۆن, دواجار بونە ناوکی گەشەی ئابووری کۆریا,لەو بارودۆخە زۆر شت فێر بوون.

لە فبرایری ٢٠٠٨دا سەرۆك وەزیرانی پێشوی ئوسترالیا داوای لێبوردنی کرد لە هەمبەر تاوانێك کرد کە بەرامبەر هاووڵاتیانی رەسەنی ئوسترالیا بە تایبەت دزینی ١٧٠٠٠ لە منداڵەکانیان, لە کەنەداش پەیکەری یەکەم سەرەك وەزیران جۆن مەکدۆناڵد شکێنرا, بەهۆی سیاسەتی پڕ لە زەبرو زەنگی بەرامبەر بە هاوڵاتیانی رەسەنی کەنەدا, کە لە نێوان ١٨٦٣ بۆ ١٨٩٦ سەرەك وەزیرانی کەنەد بووە, بە زۆر ١٥٠٠٠٠ منداڵی لە هاووڵاتیانی رەسەنی کەنەدی لە خێزانەکانیان سەندووەو ناردویانیەتە ١٣٠ قوتابخانەی تایبەتەوەو لە بەشی ناوخۆیی زیندانیانی کردووە, زۆریان ئەشکەنجە دراون, تەنانەت هەندێکیان مردوونە, ناوی ٢٨٠٠کەسی لەو قوربانیانە ئاشکرا کراوە , زمانی رەسەنیان قەدەغە کراوە و کلتوریشیان یاساغ, ساڵی ٢٠٠٨ سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی کەنەدا ستیفن هاربەر داوای لێبوردنی لێیان کرد, هاوکات قەرەبووی قوربانیانیش لە روی مادیەوە کرایەوە بە ٢،٣ ملیار دۆلار, لە ساڵی ٢٠١٧ سەرۆك وەزیران جاستن ترۆدۆ داوای کرد پاپای ڤاتیکانیش هاوشێوە داوای لێبوردن بکات, بەهۆی هەڵوێستی ئەوکاتی کەنیسەوە , لێ سەرۆك وەزیرانی نەمسا سیباستیان کۆرتز داوای لێبوردنی کرد سەبارەت بە پێشوازیکردنی وڵاتەکەی لە سوپای هیتلەر.

بە پێچەوانەی نموونەکانی سەرەوە حکومەتی راستگەرای پۆڵەندا سزای ٣ ساڵی دانا بۆ ئەوانەی پۆڵەندیەکان بە هاوبەش دادەنێن لە تاوانی هۆلۆکۆست و دان دەنێن بە رۆڵیان لە تاوانەکە, ئەمەشیان بە داکۆکی لە کەرامەتی نیشتمانی دانا, بۆخۆی ئەمەش داکۆکیە لە هاوبەشانی تاوانەکانی نازیەت, ئەمەو نموونەی زۆری دیکە لە بەردەستدان و نموونەکانیش لە زیادبوندان.

ئەو قەرەبووە مادیانەی بە بێ یاسا و ئاشکرا کردنی ڕاستیەکان و داوای لێبوردنکردن لە لایەن دەوڵەتی بکەری تاوانەوە دەبەخشرێت وەك خوێن بایی و هەوڵی کڕینی دەنگی قوربانیان تەمەشا دەکرێت لە بڕی سڕینەوەی رابردووی خوێناوی , کورد پێویستی بە خوێن بایی عێراق نییە, بەڵکە چاوەڕوانی ئەوەیە دەوڵەتی بکەری تاوان بە فەرمی لە

رێگای بەرپرس و سەرۆکەکەیەوە بە بڕیاری رەسمی داوای لێبوردنی لێ بکات, بەڕێز بەرهەم ساڵەحیش کە هەنووکە لە سەروی فەرمەنڕەوایی ئێراقەوەیە و کازمیش سەرۆك وەزیرانە ئەرکە لەسەریان بەمکارە هەڵبستن, وەك ئەو سەرۆك وەزیران و سەرۆکانەی ئاماژەمان بە ناوەکانیان دا بە ناوی دەوڵەتی عێراقەوە نامە بۆ یەك بە یەکی قوربانیانی جینۆساید لە کوردستان و عێراق بە تایبەتی و سەرجەم قوربانیان بە گشتی بە بێ جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی بنێریت, ئەمە وەك تاك وەك نەتەوەش داوای لێبوردن لە کورد و تورکمان و ئاشور و کلدان و شیعە و کریستان و ئێزیدی و سائیبە .... بکرێت, هیوادارم بەم ئەرکە هەڵبستین و هەڵەکانی تاڵەبانی و بارزانی و مەعسوم و عەلاوی و عەبادی و مالکی و عادیل مەهدی دوبارە نەکەنەوە.
چاوەڕوانین هەموو قوربانیانی جینۆساید و تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و پێشێلکاری گەورە لە کوردستان و عێراق لە جەنابی سەرۆك و سەرۆك وەزیرانەوە نامەی داوای لێبوردنیان پێ بگات لە زوترین ماوەدا, ئەوە گەورەترین پەیام و بەرزترین دڵنەوایی و چاکترین هەنگاوی پاککردنەوەی رابردووە, ئەگەر بەو ئەرکە هەڵنەستن بە ئەرکی ئەخلاقی و ویژدانی خۆتان هەڵنەستاون .
داوای لێبوردنکردن بەشێك لە برینەکانی قوربانیان سارێژ دە کات, چاککردنی پەیوەندی تەنها بە داوای لێبوردن کردن و دادگاییکردنی تاوانباران و قەرەبووکردنەوەو زەمانەتی دووبارە نەکردنەوەی تاڵییەکان دەبێت, نەك بەناوچەوان ماچکردن.